# جیۆگرافیا

## بەشی A

## ڕێنوێنی مامۆستا

نووسینی

کاروان عارف

کۆمەک

2009

پێڕست

دەستپێک
1. بەخێرهاتن
2. خێزانەکەم
3. ئێمە لێرە دەژین
4. قوتابخانەکەی من
5. ژینگەی دەوروبەر
6. شوێنی نیشتەجێبوونی من
7. پۆلەکەی جیۆ
8. باشووری کورستان- دهۆک، هەولێر، کەرکووک، سلێمانی و گەرمیان
9. ئاڵای کوردستان
10. ئاڵای وەڵاتان.
11. وەرزەکانی ساڵ
12. وەرزەکانی ساڵ – شیعر و گۆرانی
13. وەرزی پاییز
14. ڕۆژەکانی هەفتە
15. مانگەکانی ساڵ
16. ئامراز/هۆکارەکانی گواستنەوە
17. ئارەزووی گەشت
18. گۆرانی جەژنی لەدایک بوون
19. نەخشە
20. دیمەن
21. گۆی زەوی
22. جەمسەری باکوور و جەمسەری باشوور
23. نیوەی باکوور و نیوەی باشووری گۆی زەوی.
24. هەسارەکان
25. مانگ
26. خۆر / ڕۆژ
27. ئەستێرەکان
28. کەش و هەوا
29. وشەی یەکتربڕ
30. هەڵە یان ڕاست
31. گۆرانی جاڵجاڵۆکەی هێمن
هاوپێچە

**دەستپێک**

منداڵ مرۆڤە لە گەشە کردن دایە، لە سەرەتای تەمەنیەوە توانای وەرگرتنی بابەتی هەمجۆری هەیە بە ڕادەیەکی زۆر، بەتایبەتی دەوروبەر هەمیشە پرسیارە لە لای. ئەم زنجیرە کتێبە لە سێ بەشی A، B , C پێکهاتووە کە کۆمەڵێک بابەتی هەمەجۆر بەشێوەیەکی زانستیانە لە خۆ دەگرێت. ئەم کتێبانە دەتوانن بەشێوەی جیاواز بەکار بهێنرێن، وەک:

- کتێبی مەنهەج
- ڕاهێنانی زیادە
- پێداچوونەوە
- ئەرکیماڵەوە
- بەکارهێنانی هەمەجۆر

هاوکات ناوەڕۆکی ئەم کتێبانە وا داڕێژراوە کە ئەم بابەتانەی خوارەوە لە خۆ دەگرێت:

- زمانی کوردی
- ئینگلیزی
- ماتماتیک
- جیۆگرافیا
- سروشت و زیندەوەرزانی

لە کتێبەکەدا هەندێک وانە هەیە مەرج نیە بەدوای یەکدا بخوێنرێت، مامۆستا دەتوانێت خۆی بڕیار بدات لە کاتێکدا بابەتی دیاری کراو بخوێنرێت، ئەمەش بەستراوە بە شێوازی بەکارهێنانی کتێبەکە، ئایا وەک مەنهەج بەکاردێت یان شێوازی دیکە. هەروەها بابەت هەیە کە دەبێت بە پێی کات و وەرز بخوێنرێت، بۆ نموونە وەک وەرزی پاییز، دەبێت لە وەرزی پاییزدا بخوێنرێت.
خاڵێکی هەرە گرنگ لەم بابەتەدا ئەوەیە کە دەبێت منداڵ هەست بەوە بکات لە ئەمیش شانازی بە وەڵات و ئاڵای خۆیەوە دەکات. بۆیە پێویستە هەموو پۆلێک نەخشە و ئاڵای کوردستانی تێدا هەڵبواسرێت. هاوکات پێویستە نەخشەی جیهان و وێنەی گەردوون لە پۆلەکاندا هەڵواسرابن. وێنەی گەردوون مامۆستا دەتوانێت بە هاوکاری قوتابیان دروستی بکەن و هەڵیبواسن.
زۆربەی وانەکان دەکرێت منداڵان بە گروپ کاری لەسەر بکەن. پاش ئاشنا بوونی منداڵان بە دەوروبەری خۆیان، پێویستە وانەیەکی بەگروپ هەبێت کە تێدا لەسەر کاخەزێکی گەورە وێنەی گوند / گەڕەک / شارۆچکەکەی خۆیان بکێشن و هەموو قوتابیان وێنەی ماڵی خۆیان دیاری بکەن، دەکرێت هەر قوتابیەی وێنەی خۆی بچسپێنێت لە شوێنی نیشتەجێ بوونی. پاشان بە تیرێک بیبەستنەوە بە نەخشەی کوردستانەوە.
مەبەستیش لەم کارە ئەوەیە کە منداڵان ئاشنای شوێنی جوگرافیای خۆیان ببن لەسەر نەخشە.

«......................»

### 1. بەخێرهاتن
لەم وانەیەدا قوتابی ناوی خۆی دەنووسێت و وێنەی خۆی دەکێشێت.

### 2. خێزانەکەم
قوتابی وێنەی خێزانەکەی خۆی دەکێشێت و ناویشیان دەنووسێت.

### 3. ئێمە لێرە دەژین
قوتابی وێنەی ماڵی خۆیان دروست دەکات، گرنگە وردەکاری لە وێنەکەدا هەبێت، گەر منداڵەکە توانای هەبێت. بۆ نموونە، درەخت،...هتد. پاشان ناونیشانی خوی بنووسێت، بۆ نموونە، گەڕەکی ئازادی، کۆڵانی قازی محەمەد، ژمارەی خانوو 21، یان گەڕەکی بازاڕگە کۆڵانی خۆشناوان، تەنیشت دوکانی سەنگەر.

### 4. قوتابخانەکەی من
1. لەم بەشەدا قوتابی وێنەی قوتابخانە دەکێشێت و ناوی قوتابخانەکەشی دەنووسێت،
2. وێنەی بەڕێوەبەر دەکێشێت و ناوی دەنووسێت.

مەبەست لەم خاڵەیان ئەوەیە کە پەیوەندی نێوان منداڵ و بەڕێوەبەر کە بەرزترین دەسەڵاتی قوتابخانەیە، ئاسایی بکات.

### 5. ژینگەی دەوروبەر
1. لەم بەشەدا قوتابی وێنەی ئەو شوێنانە دەکێشێت کە لە ڕێگەی قوتابخانە تووشیان دەبێت، بۆ نموونە، لە وێنەکەدا شەقام، دوکان، ماڵان، خەستەخانە و قوتابخانەکەی بەدی دەکرێت. گرنگە منداڵەکان ئەو دیمەنە ڕاستییە وێنە بکەن کە دەیبینن، بۆ نموونە گەر لە گوندێکدا بێت، لەوانەیە تەنها چەند ماڵێک و دار و درەخت و ئاژەڵ ببینێ، پێویستە وێنەی ئەوانە بکێشێت.

2. لە وێنەکەی یەکەمدا جیۆ لە دوکانێکی فرۆشتنی گیاندارانە، لە وێنەی دووهەمدا لە مەلوانگەیە. منداڵان دەبێت ئەم ناوانە لە ژێر وێنەکەدا بنووسن. پاشان منداڵ وێنەی ئە شوێنە دەتوانێت بکێشێت کە زۆر سەردانی دەکات، بۆ نموونە ئەو دوکانی کە هەموو ڕۆژ شتی لێ دەکرێت، یان یاریگەکەی گەڕەکەکەیان کە یاری تیادا دەکات، یان ئەو باخچەیەی کە کاتی تێدا بەسەر دەبەن، ... هتد.

### 6. شوێنی نیشتەجێ بوونی من
1. ناوی گەڕەک، گوند/شاۆچکە/شار و وەڵاتەکەی دەنوسێت.
2. منداڵ شوێنی نیشتەجێ بوونی خۆی لەسەر نەخشە بە هێمای x بە ڕەنگی سوور نیشانە دەکات.
3. گەر منداڵ خزم یان کەسێکی نێزیکی هەیە لە شوێنێکی دیکەی وەڵات بە ڕەنگی ئاسایی دیاری بکات لەسەر نەخشەکە.

### 7. پۆلەکەی جیۆ

لە پۆلی جیۆدا کۆمەڵێک قوتابی هەن لە وەڵاتی جیاوازەوە هاتوون،

- ئارڤین خەڵکی هیندستانە
- ماندێلا، خەڵکی باشووری ئافریقایە
- ئەلێکساندرۆ، خەڵکی ئیتالیایە، وێنەی پیتزایەک بە تەنیشتیەوەیە، پیتزا سەرەتا لە ئیتالیاوە هاتووە و ناوەکەش هەر ئیتالیاییە.
- سالی، خەڵکی بەریتانیایە، لە کوپەکەی تەنیشتی نووسراوە مانچستەر ئونایتد، ناوی یانەیەکی بەناوبانگی وەرزشی بەریتانیایە.
- ئویۆکۆ، خەڵکی یابانە، لە وێنەی جلەکانیەوە دیارە.
- موحەمەد خەڵکی ئێراقە

### 8. باشووری کورستان- دهۆک، هەولێر، کەرکووک، سلێمانی و گەرمیان

گرنگە پێشکات یان لە وانەیەکی تایبەتدا باسێکی سادەی هەر چوار شارەکە بکات، بۆ ئەوەی لە کاتی ئەم وانەیەدا زانیاریان لەسەر شارەکان هەبێت.

کەرکووک، لە وێنەکەدا وێنەی قەڵای کەرکووک، پردی خاسە و بیرەنەوتەکانی بابەگوڕگوڕە.
دهۆک، شارێکی ڕازاوەیە، بەنداوێکی ئاوی لێیە کە سەرچاوەی ئاوی خواردنەوەی شارەکەیە، بۆ مەبەستی ئاودێریش بەکار دێت.
هەولێر، یەکێکە لە کۆنترین شاری دونیا، وێنەکەش قەڵا و منارەیە.
سلێمانی، شاری شێخ مەحموودی حەفید، یەکەم مەلیکی کوردستانە. لە وێنەکەشدا شاخی گۆیژە و وێنەی مەلیک مەحموودە.

### 9. ئاڵای کوردستان

1. ئاڵای کوردستان ڕەنگ دەکرێت.
2. ڕۆژی 21 مارس لە ساڵی زایینیی، کە یەکەم ڕۆژی ساڵی تازەی کوردیە، واتە یەکی مانگی نەورۆز.
3. جەژنی میللی کوردستان جەژنی نەورۆزە.

بڕوانە هاوپێچە «ئاڵای کوردستان».

بۆ دروست کردنی ئاڵای کوردستان دەتوانیت ڕاستە بەکار بهێنیت، چونکە ئاڵای کوردستان پێوانەی تایبەتی هەیە.

**10. ئاڵای وەڵاتان**



ئاڵای کۆریا



ئاڵای ئەمەریکا



ئاڵای وەڵاتانی یەکیەتی ئەورووپا



ئاڵای ژاپۆن

**11. وەرزەکانیساڵ**

قوتابی ناوی هەموو وەرزەکان دەنووسێت. پاشان وێنەی هەر وەرزە لە ناو چوارچێوەکاندا دەنووسێت و پاشان ناوی وەرزەکەش لە ژێر وێنەکەدا تەواو دەکات.

**12. وەرزەکانی ساڵ – شیعر و گۆرانی**

لەم وانەیەدا گرنگە منداڵان فێری چەند گۆرانیەک لەسەر وەرزەکان ببن، گرنگە گۆرانیەکان بە ئاوازی دروستەوە فێر بکرێن. ئەمانەی خوارەوەش نموونەی چەند گۆرانیەکن،

هەی هەی لەو بەفرە باریوە
دونیا یەک پارچە زیوە
نە بەرد دیارە نە درەخت
نە هەورازی بەرز و سەخت
هەمووی لە بەفردا کپە
بێ سروەیە و بێ چپە

هۆنراوەی لەتیف هەڵمەت

نەورۆز

ڕۆژ لە ئاسۆی سوور شەوق ئەداتەوە
سرووشت سەرپاکی، جوانی ئەنوێنێ
دەشت و کوێستان، لوتکەی بەرز و کێو
بەفری تواوەی سەر شـاخی خەمبار
هاژەی شەتاوی بن کوێسـتانی بەرز
کیژی دارسـتـان لە شایی چـەما
باخ و ڕەزی شاخ، یان مێـرگ و چیمەن
سەوزایی دەشت و زەنجیری کوێستان
کەوی دڵـدـاری، ئازادی و جوانی
بەری حـەسرەتی دڵ ئـەکاتەوە
لە سەر قەندیل و شـاهۆ و نەکەرۆز

دەڵێ ئەمسـاڵیش نەورۆز هاتەوە
وەک بووکی ڕازاو خۆی ئەخەمـڵێنێ
بزەی بەهـاریان کـەوتۆتە سەر لێو
ئەبێ بە فرمێسک، چۆڕ چۆڕ دێتە خوار
گابەرد ئەتلێنـێ، کەژ دێنێـتە لەرز
بە مۆسیقـایی ئاو، دێنەوە سەما
خشڵی ڕازاوەی، بژوێـنی دیمەن
تاریف ناکرێ، جوانی کـوردستان
دەروونی کەیلی، سـۆزی گـۆرانی
بانگـی پەڕاوپەڕ دەنگ ئـەداتەوە
دەڵێ گەلی کورد، نـەورۆزتان پیرۆز

هۆنراوەی: ڕەحیم لوقمانی
ئەم هۆنراوەیە لە لایەن گۆرانیبێژی ناودار نەجمەدینی غوڵامی لە هەشتاکانی سەدەی ڕابوردوودا کراوە بە گۆرانی.

**13. ئەم وانەیە دەبێت لە وەرزی پاییزدا بخوێنرێت.**

قوتابی گەڵایەکی وشک دەخاتە ژێر ئەم لاپەڕەیەوە، لە سەر کاخەزەکەی وێنەکەی دەکێشێتەوە و پاشان ڕەنگی دەکات، پاشان دەتوانن هەموو گەڵایەکان لەسەر کاخەزێکی گەورە بچەسپێنن، مامۆستا وێنەی قەدی درەختەکان دەکێشێت و منداڵان بە چەند گروپێک گەڵایەکان دەچەسپێنن.

بەپێی جۆری درەختەکە وێنەی دار و قەدەکانی بکێشە.



### 14. ڕۆژەکانی هەفتە

1.منداڵ وشەکان تەواو دەکات و لە شێوەی پیتدا خانەکان پڕ دەکاتەوە، بۆ نموونە ڕۆژی شەممە بە شێوەی:

ش ە م م ە دا دەنووسرێت، وە بەرسەریەکەوە لە تەنیشتیەوە دەنوسرێتەوە، دەبێتە «شەممە».

2. هەفتەیەک لە 7 ڕۆژ پێک هاتووە.

3. ساڵێک لە 52 هەفتە پێک هاتووە.(ئەمەیان تەنها بۆ زانیارییە، گرنگ نییە منداڵەکان لەبەری بکەن)

### 15. مانگەکانی ساڵ

1. منداڵان فێری ناوی مانگەکان دەبن، گرنگە لە ساڵەکەدا منداڵان ئاشنای ئەم ناوانە ببن.

2. قوتابی ڕۆژ و مانگ و ساڵی لەدایکبوونی خۆی دەنووسێت.

3. قوتابی وێنەی سروشت دەکێشێت لە یەکێک لە مانگەکاندا، بۆ نموونە مانگی دوازدە کە بەفر باریووە و دارەکان گەڵایان پێوە نەماوە. لە ژێر وێنەکەشدا ناوی مانگەکە دەنوسرێت.

### 16. هۆکار/ئامرازەکانی گواستنەوە

لە وێنەکەدا چەند جۆرێک ئامرازی گواستنەوە هەیە، وەک بایسکیل، ئۆتۆمۆبێل، گالیسکە، کەشتی و فڕۆکە. لە ژێر خانەکانی خوارەوەدا وشەکە تەواو دەکرێت، بۆ نموونە لە خانەی یەکەمدا وشەی فڕۆکەیە، پاشان لەناو خانەکاندا وێنەی ئامرازەکان دەکێشرێت و گەر کات هەبوو ڕەنگی بکەن، یان بیخەنە وانەیەکی دیکە، گەر نا بیکەن بە ئەرکی ماڵەوە.

### 17. ئارەزووی گەشت

لەم وانەیەدا قوتابی باس لە گەشتێک دەکات کە ئارەزووی دەکات، گەر خەیاڵیش بوو هەر هانی منداڵەکە بدە با لەسەر بیرۆکەکەی بنووسێت، دەکرێت توانای نووسینی و سنووری بیرکردنەوەی منداڵ هەڵبسەنگێنرێت، بۆ نموونە لە نووسینەکەوە دەتوانیت بزانیت قوتابی تا چەند توانای نووسینی هەیە، لە هەمان کاتیشدا دەتوانیت بزانیت منداڵ تا چەند توانای خەیاڵبازی هەیە.

### 18. گۆرانی جەژنی لەدایک بوون

منداڵ ئاشنا دەبێت بە زمانی دیکە لە ڕێی تێکستی گۆرانیەکانەوە کە هەمان ئاوازیان هەیە.

## 19. نەخشە

ئەم وانەیە تەرخان دەکرێت بە چۆنیەتی بەکارهێنانی نەخشە، هەروەها مامۆستا دەبێت ئەتڵەسێک لەگەڵ خۆی بباتە پۆلەوە و منداڵەکان ئاشانا ببن پێی و لە دەرفەتێکدا یەک یەک دەبێت منداڵەکان لێی بنۆڕن.

1. کتێبەکە ناوی ئەتڵەسە(ئەتڵەس ناوێکی یۆنانی کۆنە، سیمبولی جیاواز هەیە بۆ ئەتڵەس، ئەم وێنەیەی خوارەوە نموونەی یەکێک لە سیمبولەکانە).
2. لە ئەتڵەسدا زیاتر ڕەنگەکانی سەوز، قاوەیی، زەرد و شین بەکاردێت.
3. ڕەنگەکان:

ئاو، شینە

چیا/شاخ، قاوەییە

دەشت، سەوزە/کەسکە

شار/شوێنی نیشتەجێبوون، زەردە



یەکێک لە سیمبولەکانی ئەتڵەس

## 20. دیمەن

لە وێنەکەدا هەر جێگەیەک ژمارەیەکی لەسەرە، لە بۆشاییەکاندا وشەکان بەم شێوەیە ڕێک دەخرێت.

1. شاخ
2. تاڤگە/سوڵاڤ
3. زەریا
4. دورگە
5. ڕووبار
6. دوند (لووتکە)
7. دارستان
8. نەمامگە

**21. گۆی زەوی**

لەم وانەیەدا نەخشەی جیهان بەکار دەهێنرێت، گرنگە لە پۆلەکەدا هەڵواسرابێت. چەند شوێنێکی سەرەکی فێری قوتابیان دەکرێت، بۆ نموونە، زەوی لە 7 کیشوەر پێک هاتووە، ئاسیا، ئافریقا، ئەورووپا، ئەمەریکای باشوور، ئەمەریکای باکوور، ئوستورالیا و جەمسەری باشوور(ئەنتارستیکا).




پاشان لەسەر نەخشەی گۆی زەوی هەردوو جەمسەرەکان دیاری دەکرێت لەگەڵ *هێڵی کەمەرەی زەوی و کیشوەری ئافریقا.*

بەرزترین چیا لە جیهاندا دوندی ئێڤێرستە لە زنجیرە چیاکانی هیمالایا. بەرزترین شاخ لە کوردستانی گەورە چیای ئاراراتە کە دەکەوێتە باکووری کوردستان و بەرزیەکەی 5.165 مەترە.
بەرززتین شوێنیش لە باشووری کوردستان دوندی هەڵگوردە لە چیای حەسارۆست، کە دەکەوێتە سنووری ئوستانی هەولێر. بەرزییەکەی 3.607 مەترە.

**22. جەمسەری باکوور و جەمسەری باشوور**

وانەکە بە مەتەڵ دەست پێدەکات.

1. ئەوەی کە گەورە و سپییە و لە جەمسەری باکوورە، ئەوە «ورچی سپی سەهۆڵی»ە.
2. ئەوەی کە جلی درێژی ڕەش و سپی لەبەر دایە و لە جەمسەری باشوور دەژی، ئەوە «پەنگوین»ە.
3. وێنەی هەردووکیان دروست بکەرەوە.



پەنگوین



ورچی سپی بەستەڵەک

**23. نیوەی باکوور و نیوەی باشووری گۆی زەوی.**

جیاوازی هەردوو وێنەکە، ئەوەیە کە لە وەڵاتی نۆرویژ لە مانگی بەفرانبار(کانوونی دووهەم/ ژانیوەری) دا زستانە و منداڵان خلیسکانێ و گەمە بە بەفر دەکەن. لە وێنەی دووهەمدا هاوینەوە خەڵکی لە کەناری زەریا مەلەوانی دەکەن.

زەوی وەک هەموو هەسارەکانی دیکەی کۆمەڵەی خۆر بە دەوری خۆردا دەسووڕێتەوە، ئەم سووڕانەوەیە یەک ساڵی پێدەچێت، گۆی زەوی لەسەر تەوەرێکی کەمێک لار دەسوڕێتەوە، واتە گۆی زەوی کەمێک خوارە، ئەمەش وای کردووە کە جیاوازی پلەی گەرما لە نێوان باکوور و باشووری گۆی زەوی بەپێی وەرزەکان جیاوازیی هەبێت.
هەر ئەمەشە وای کردووە لە کاتێکدا کە باکووری گۆی زەوی لە وەرزی هاویندایە، نێزیکترە لە خۆر. لە باشوور دەبێتە وەرزی زستان، وە بە پێچەوانەوە.

**24. هەسارەکان**

1. قوتابی ناوی چەند هەسارەیەک دەنووسێت، گرنگە لە پۆلدا وێنەی کۆمەڵەی خۆر هەڵبواسرێت، ناو هەسارەکانی کۆمەڵەی خۆریش هەریەک لە سەر کاخەزێک لە پۆلدا هەڵبواسرێت، بۆ ئەوەی منداڵان لەبیری نەکەن.
2. قوتابی بە ئارەزووی خۆی وێنەی هەسارەیەک دەکێشێت.




ئەمەش ناوی هەسارەکانی کۆمەڵەی خۆرە:

مێرکوری، ڤینۆس، زەوی، مارس (مەریخ)، جۆپیتەر، ساتۆرن، ئۆرانۆس، نیپتۆن، پلۆتۆ.

### 25. مانگ

لەم وانەیدا گرنگی دەدرێت بە مانگ، چۆنیەتی دەرکەوتنی لەسەر گۆی زەویەوە، گەر بکرێت هۆکارەکەش بۆ منداڵان باس دەکرێت،

1. قوتابی وێنەی دەرکەوتنی مانگ دەکێشێت بە پێی ناوەکانی، لە وێنەی چوارهەمدا وێنەی کەشتیوانێکی ئاسمانی دەکێشێت، لە خانەی پێنجەمدا وێنەی گەردوون دەکێشێت(کۆمەڵەی خۆر)
2. قوتابی هەر شتێک دەربارەی مانگ دەزانێت لەم چەند دێڕەدا باسی دەکات، بۆ نموونە مانگ بە دەوری خۆردا دەسوڕێتەوە، لە 24 سەعاتدا خولێک تەواو دەکات، مانگ بە شەو ڕووناکی دەداتە زەوی...هتد



### 26. خۆر / ڕۆژ

1. قوتابیان فێری گۆرانیەکە دەبن بە نووسین و بە خوێندنەوە (گەر گۆرانی دیکەش هەبێت مامۆستا ئازادە لە زیادکردنی گۆرانی دیکە کە پەیوەندی بە بابەتەکەوە هەبێت)، پاشان پێکەوە گۆرانیەکە دەڵێن، گرنگە کە منداڵان فێر بکرێن بە تۆنی جیاواز گۆرانیەکە بڵێن، واتە گاهێک بە دەنگێکی کەمێک بەرز، گاهێک نزمتر و پاشان نزمترین وەک بە چرپە. ئەمەش منداڵان فێر دەکات چۆن کۆنترۆڵی دەنگی خۆیان بکەن.
2. لەم خاڵەدا قوتابی بە چەند دێڕێک دەربارەی خۆر دەنووسێت، بۆ نموونە، خۆر ڕووناکی و گەرمی دەبەخشێتە زەوی کە بەهۆیەوە گیانداران دەتوانن بژین، ...... هتد.




### 27. ئەستێرەکان

1. ناوی ئەستێرەکە حەوتەوانەیە، دەکەوێت باکورەوە، هەمیشە ڕێبواران بە هۆی ئەم ئەستێرەیەوە ڕێگە دەدۆزنەوە.
2. قوتابیان ڕێنمایی دەکەیت کە لە کاتی شەودا کە ساماڵ بێت لە ئەستێرەکان ورد ببنەوە، دیمەنی زۆر سەرنج ڕاکێش دەبینن، دیارترینیان کشانی ئەستێرەکانە.
3. لەم خانەیەدا قوتابی وێنەی ئاسمان یان گەردوون دەکێشێت.

### 28. کەش و هەوا

1. هاوکاری جیۆ بکە بۆ ڕێکخستنی پیتەکان، دروستی وشەکان ئەمانەیە،
    1. خۆر
    2. باران
    3. بروسکە
    4. تەرزە / تەزرە
    5. بۆران
    6. بەفر
2. لە هەردوو خانەکەی خوارەوەدا وێنە دوو دۆخی جیاواز دەکێشرێت، بۆ نموونە، باران، بەفر، با ... هتد.

### 29. وشەی دابڕاو

منداڵ سەیری وێنەکان دەکات کە هەریەکەیان ژمارەیەکی لەسەرە، بە پێی ژمارەکە ناوەکان لە خانەکاندا دەنووسێت. ئەمەش ناوەکانە.

1. ئوستراليا
2. نەخشە
3. باس/پاس
4. ئەتڵەس
5. ئەستێرە
6. ترێ
7. بەفر

ناوی هێڵکاریەکەش بە ستوونی، ئەستێرە دەردەردەچێت.

### 30. هەڵە یان ڕاست

وەڵامەکانی بەم شێوەیەیە:

1. بەڵێ
2. بەڵێ
3. نەخێر
4. نەخێر
5. نەخێر
6. بەڵێ
7. نەخێر
8. بەڵێ
9. نەخێر
10. نەخێر

### 31. گۆرانی جاڵجاڵۆکەی هێمن
ئەم گۆرانیە نێودەوڵەتیە و لە مانی ئینگلیزیەوە بە دەسکاریەوە وەرگیراوە، ئاواز و جوڵەی تایبەت هەیە بۆ ئەم گۆرانیە، دەبێت منداڵان هەموان فێر ببن.

## هاوپێچە

### 1. ئاڵای کوردستان
هەموو گەلانی سەر ڕووی ئەم زەمینە، ئەوانەی سەربەستن یان بە شێوەیەکی فیدرال دەژین خاوەنی ئاڵای خۆیانن.



**پێناسەی ئاڵای میللی کوردستان**
ئاڵای کوردستان پێکهاتووە لە سێ ڕەنگ و دروشمێک لە ناوەندی .

**ڕەنگەکان :**
ئاڵای کوردستان لە لاکێشەی ئاسۆیی پێکهاتوە، لاکێشەی سەرەوە ڕەنگی سوورە، ئەوەی ناوەند ڕەنگی سپییە، و لاکێشەی خوارەوە ڕەنگی سەوزە .




بەرینی ئاڵا دوو لەسەر سێ ی درێژییەکەیەتی.

**دروشمی نەتەوەیی :**

دروشمی نەتەوەیی ئاڵای کوردستان خۆری زێڕینە،
ئەم خۆرە 21 پەڕ (تیشک)ی یەکسان و هاوشێوەی
هەیە .



بە لەبەرچاوگرتنی دوو لەسەر سێی قەبارەی ئاڵا، خۆری زێڕین بە
پەڕەکانییەوە یەک(1) پێوەرە و بەبێ پەڕەکان نیو (0.5) پێوەر، ئەم پەڕانە
شێوەیان ڕاستە و لە دەرەوە خاڵێکی تیژ دروست دەکەن.




خۆرەکە دەبێ ڕێک لە چەق (ناوەند)ی ئاڵای کورستان جێگیر بێت .



خۆر بەشێوەیەک جێگیر کراوە کە ستوونی ناوەندی ئاڵا بە ناو خاڵی تیژی
بەرزترین پەڕ(تیشک) تێدەپەڕێت.



**چۆنییەتی پێکهاتەی ڕەنگەکان :**

ڕەنگەکانی ئاڵای کوردستان بە شێوەی خوارەوەیە:
لەسەرەوە بۆ خواەوە: سوور، سپی و سەوز/کەسک

**شێوەکانی بەکار هێنانی ئاڵا**

1. هەڵواسینی بە داردا، پێویستە خۆرەکەی لە هەردوو ڕووەوە دیار بێت.
2. بەرز کردنەوەی لە باری پانی، ڕەنگی سور لە سەرەوە و ڕەنگی سەوز لە خوارەوە.
3. بەرز کردنەوەی لە باری درێژی، ڕەنگی سور لە لای چەپ و ڕەنگی سەوز لە لای ڕاست.
4. لە یەخەدانی وەک ڕۆزێت لە سەر سینگ، لە لای چەپ لە سەر دڵ هەڵ ئەگیرێت .
5. لە سەر مێز دانانی، پێویستە بە لای چەپدا بشکێتەوە

**سروودی نشتیمانی**

سروودی ئەی ڕەقیب کە لە لایەن شاعیری گەورەی کورد، یونس ڕەئووف ناسراو بە دڵدار لە ساڵی 1940 دانراوە، بووەتە بەشێک لە فەرهەنگی میللی کوردستان و جێگەیەکی پیرۆزی لە بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان و دڵی جەماوەرەکەیدا هەیە و سیمبولی خەبات و بەرخوردانی گەلەکەمانە و ئاوێتەی بیر و ویژدانی هەموو چین و توێژێکی گەلی کوردستان بووە.
دڵداری شاعیر کە دانەری سروودی « ئەی رەقیب »ە، ناوی تەواوی یونس مەلا ڕەئوف مەلا مەحمود سەعیدە و لە 1918/2/20 لەشاری کۆیە لەدایک بووەو لە 1947/7/12 دا کۆچی دوایی کردووە.

ئەی ڕەقیب هەر ماوە قەومی کورد زمان
نایشکێنێ دانەریی تۆپی زەمان

کەس نەڵێ کورد مردووە، کەس نەڵێ کورد مردووە، کورد زیندووە،
زیندووە قەت نانەوێ ئاڵاکەمان

ئێمە ڕۆڵەی ڕەنگی سوور و شۆڕشین
سەیری کە خوێناوی‌یە ڕابردوومان

کەس نەڵێ کورد مردووە، کەس نەڵێ کورد مردووە، کورد زیندووە،
زیندووە قەت نانەوێ ئاڵاکەمان

لاوی کورد هەستایە سەرپێ وەک دلێر
تا بە خوێن نەخشی بکا تاجی ژیان

کەس نەڵێ کورد مردووە، کەس نەڵێ کورد مردووە، کورد زیندووە،
زیندووە قەت نانەوێ ئاڵاکەمان

ئێمە ڕۆڵەی میدیا و کەیخوسرەوین
دینمان، ئایینمان هەر نیشتمان

کەس نەڵێ کورد مردووە، کەس نەڵێ کورد مردووە، کورد زیندووە،
زیندووە قەت نانەوێ ئاڵاکەمان

لاوی کورد هەر حازر و ئامادەیە
گیان فیدایە، گیان فیدا هەر گیان فیدا

کەس نەڵێ کورد مردووە، کەس نەڵێ کورد مردووە، کورد زیندووە،
زیندووە قەت نانەوێ ئاڵاکەمان

تێبینی: هاوپێچەی یەکەم دەربارەی ئاڵای کوردستان لە سایتی حکوومەتی کوردستان وەرگیراوە. www.krg.org

**ئاگاداری بۆ بەکارهێنەرانی ئەم کتێبە:**
ئەم کتێبەی لە بەردەستدایە ئەزموونیە، هەر سەرنج و بۆچونێک هەبێت پاش پەسەند کردنی لە چاپەکانی داهاتوودا ڕەچاو دەکرێت، لەبەر ئەوە داواکارین کە پەیامەکەتان لە ڕێگەی ئیمەیلی info@komak.nu یاخود پرۆژە فێرکاریەکانی کۆمەکەوە بگەیەنن.

«.......»

.